ئەگەر هەرکەسێکتان دەستنوێژی گرت وخوفەکانی لەپێکرد؛ ئەوا با نوێژیان پێوە بکات، ومەسحیان بەسەردا بکات، ودایان نەکەنێت بە ویستی خۆی مەگەر تووشی لەشگرانی بێت

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر هەرکەسێکتان دەستنوێژی گرت وخوفەکانی لەپێکرد؛ ئەوا با نوێژیان پێوە بکات، ومەسحیان بەسەردا بکات، ودایان نەکەنێت بە ویستی خۆی مەگەر تووشی لەشگرانی بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(الدارقطني) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە ئەگەر مسوڵمان خوفەکانی -یان گۆرەوییەکانی- بپۆشێت لەپاش دەستنوێژگرتن، پاشان دەستنوێژی شکا و ویستی دەستنوێژ بگرێتەوە، ئەوا بەسە تەنها مەسح بکات لەسەر خوفەکانی یان گۆرەوییەکانی ئەمیش بەپێی ویستی خۆی، ودەتوانێت نوێژیان پێوە بکات ودایان نەکەنێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، مەگەر تووشی لەشگرانی بێت؛ لێرەدا دەبێت خوفەکانی یان گۆرەوییەکانی دابکەنێت وخۆی بشوات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8392